www.kurdistannet.org

سێپۆ یاسکەلاینین:

## " کاتی ئەوە هاتووە کە کوردیش مێژووی خۆی بە دەستی  خۆی بنووسێتەوە "

گفتوگۆیەك لەگەڵ نووسەر و ڕۆمانووسی فینلەندی ( سێپۆ یاسکەلاینین

ئامادەکردن و وەرگێرانی لە فینلەندیەوە : خەسرۆ پیربال

نووسەری فینلەندی –Seppo Jaaskelainen – یەکێکە لە ناودارترین نووسەری ئەمڕۆی وولاتی فینلەندییە , دانیشتووی شاری لاهتی یە, ئەندامی یەکیەتی نووسەرانی فینلەندییە هەر لە ساڵانی ۱۹۷۰ دەستی داوەتە نووسین و خاوەنی چەندین ڕۆمان و نووسراوی وەرگێڕدراوە.

**پرسیار**: نووسەری فینلەندی سێپۆ یاسکەلاینین چۆن خۆی بە خوێنەری کوردستانی دەناسێنێت ؟

❖ من ناوم سێپۆ ئیلمەری یاسکەلاینین لە بەرواری ۲٤–٤–۱۹۳۹ لە شاری هلسنکی ی پایتەخدا لە دایك بووم, ئێستا دانیشتووی شاری لاهتییم , لەگەڵ هاووسەرەکەم دوو کوڕم هەیە, لە خێزانی مندا تەنها من نووسەرم و باوك و دایکم خێزانێکی خوێندەواربوون بەلام کەسیان فێری خوێندن و نوسینیان نەکردم هەر لە ساڵی۱۹۸۹  ئەندامی یەکیەتی نووسەرانی فینلەندییم و خاوەنی نۆ کتێب و ڕۆمانم.

**پرسیار**: ئێوە چی دەربارەی کوردو کوردستان دەزانن ,کەی بۆ یەکەمین جار ناوی کوردانتان بیستووە ؟

❖ بۆ یەکەمین جار , هێشتا زۆر گەنج بووم و تازە دەستم دابووە خوێندنەوە و هەموو ڕۆژێك بە پەرۆشەوە خەریکی خوێندنەوە ڕۆژنامەکانی پایتەخت بووم , ڕۆژێکی ساردبوو من و هەندێك لە برادەرانم لە قاوەخانەیەکدا دانیشتبووم , بۆ یەکەمین جار ووتارێکی تێرووتەسەلم بەرچاووکەووت  لە ڕۆژنامەی  (Helsingin Sanomat), تیایدا نەخشەیەکی سەیری تێدابوو , نەخشەکە نەخشەی کوردستان بوو و ناوی پێنج وولاتی لە لاوە نووسرابوو( عێراق– سوریا–تورکیا–ئێران–ڕوسیا ) ,ئەو کات عومرم ۲٥ ساڵ بوو, زۆر پێم سەیربوو  تیاییدا باسی لەوە دەکرد کە میللەتێك هەیە بەناوی میللەتی کوردو وولاتەکەشیان ناوی کوردستانە , وە ژمارەیان ۱٥ میلیۆنە, ووتارەکە باسی ئەوەی دەکرد کە کورد میللەتێکی قارەمان و ئازان و لە خەباتکردن لە پێناو درووستبوونی دەوڵەتێك و بەدیهێنانی ئازادی بۆ خۆیان.   ئەو کاتە بوو کە من بۆ یەکەمین جار ناوو باسی کوردانم بەرچاو کەوت , پاشان ساڵانی ۱۹۷۰ و بە دووای لە چەندین کتێب و ئەنسکلۆپیدیادا شتی تری نوێم لە سەر کوردەکان دەخوێندەوە, بەلام بۆ یەکەمین جار بەچاوی خۆم کوردێکم بینی ساڵی ۱۹۹۲ بوو لە شاری لاهتی– شارێکی نزیکی پایتەختە – چاوم بە پەناهەندەیەکی کورد کەوت .

**پرسیار**: دیارە زۆربەی نووسەرەکان لە سەرەتادا بە شیعر دەستیان پێکردووە , بە بۆچوونی ئێوە دەبێت لەبەرچی بێت , ئێوە  چۆن  و کەی دەستتان بە نووسین کردووە ؟

❖ بە بۆچوونی من ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندی هەریەکێك لە نووسەران و شێوەی درووست بوونی کەسایەتیو تێڕوانینی ئەو کەسە, سەرەتاکان بە شیعر دەبینین , ئەو کاتە سەرەتایانە شیعرین , هەندێکیان بە

شیعری خەیاڵی دەست پێدەکەن لە بەر ئەوەش من وا تێدەگەم کە ئەوان دوورن لە واقیع و ژیانی ڕۆژانە , واتە دوورن لە واقیع , بە پێچەوانەی گەلێك لە نووسەرانی دوونیا من بە شیعر دەستم پێنەکردووە, وە هەرگیز من باسی دوو مەسەلەم نەکردووە لە نووسینەکانمدا : یەکێکیان مەسەلەی ئایینی و ئەوەی تریان سیاسەتە ! ! سەرەتاکانم زۆر سادەبوون و بە چەند ووتارێکی کۆمەڵایەتی و ژیانی ڕۆژانەی میللەتەکەم دەست پێکرد و لەسەر حەزو خەونەکانی کرێکاران و ئافرەتاندا دەمنووسی, پاشان دەستم داوەتە چیرۆك و ڕۆمانەوە.

پرسیار : دووایین بەرهەمتان چیە ؟

- دوواین ڕۆمانم بە ناوونیشانی ئەسیری Sodan Vanki –باس لە ژیان و بەسەرهاتی ئەفسەرێکی فینلەندی دەکات کە بەشداری شەڕی فینلەندەو رووسیای کردووە ساڵی ١٩٤٤ وە لەم شەڕەدا وەکوو ئەسیرێکی شەڕ لە لایان ڕووسەکانەوە گیراوە ,پاش نیو ساڵ ژیانی بەسەربردووە لە چەندین زیندانەکاندا , پاشان گەڕاوەتەوە فینلەندە , بەڵام بە درێژایی ژیانی و هەتا مردنی تەنیاو لە بارودۆخێکی ئێجگار خراپ ژیاوە , ژیانی تەواو لێتێکچووە, ژنەکەی لێدەمرێت و تەنها و بە ئازار سەردەنێتەوە, دیارە سەرجەم زانیاریەکان و حیکایەتی ئەم ڕۆمانە ڕاستن , من تەکنیکی ڕۆمانم بەکارهێناوە وەکوو فیکسیۆن– - Fiction – بەڵام سەرجەم بابەتەکە نووسینەوەیەکی ڕاستە دەربارەی ئەو بارووەدۆخە ناهەمووارەی کە لە فینلەندادا هەبوو , ئەوەی بۆ چەندەها ساڵ وە لەبەر بارووەدۆخی تایبەت و شەڕی سارد و ئەو پەیوەندیانەی کە ووڵاتی فینلەندە هەیبوو لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەتی ئەوکاتەدا , نە من و نە هیچ مێژوونووسێك و هیچ هاووڵاتیەك نەماندەتوانی باسی بکەین , من هەوڵی ئەوەم داوە کە بە هۆی ڕۆمانەکەم سەر لە نوێ مێژووەکەمان بنووسینەوە, وە بە بۆچوونی من کێشەی کوردیش پێوویستی بەوە هەیە نووسەرو مێژوونووسانتان بە شێوەیەکی جیاواز لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستا نووسراوە و وە بەگوێرەی زانیاریەکانم , مێژووی کورد بە دەستی بیانیەکانەوە نووسراوەتە , کاتی ئەوە هاتووە خۆتان مێژووی خۆتان بنووسنەوە .

**پرسیار**: ئێوە چۆن پێناسەی پرۆسەی نووسین دەکەن وە چۆن سەیری بەرپرسیارەتی نووسەران دەکەن؟

- نووسین گەڕانێکی ئێجگار ناخۆشە بە ناوو ژیاندا بۆ ئەوەی ماناو واتای ژیان بدۆزیتەوە, ژیان هیچ مانایەکی نیە ئەگەر نووسین نەبێت! وە ئیش و بەرپرسیارەتی نووسەریش لەوەدا هەیە کە ئیش و کاری بۆ بکات و بۆ ئەوەی ڕاستی مانای ژیان بدۆزێتەوە, بەڵام دەبێت پێشتر زۆری خوێندبێتەوە و شارەزابێت.

**پرسیار**: چۆن سەیری دیاریدەی بەجیهانیبوون – Globalization – و کاردانەوە لەسەر مەسەلە فەرهەنگیەکان دەکەییت ؟

- دیارە من هەر لە سەرەتاوە خۆم هیچ بە مەسەلەکی تر خەریك نەکردووە جگە لەو کێشەو حیکایەتانەی میللەتەکەم , میللەتی فینلەندی و ئەو شەڕانەی کە خۆمان کردوومانە لێرە لەگەڵ ڕووسەکان و کارلێکردنی دەروونی ئەم مەسەلەیە لە سەر کەسایەتی فینلەندیەکان , لە بەر ئەوەشە بۆ من مەسەلەی بە جیهانی بوون هیچ گرینگ نیە , بەڵام دیارە بۆ شارەزای زیاتر پەیداکردن لە سەر فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ووڵاتانی تر شتێکی زۆر باشە.

©Kurdistan Net

**پرسیار**: لێرەو لەوێ وە بە تایبەت لە جیهانی ڕۆژئاوادا  باس لە مردنی کتێب دەکرێت, باس  لەوە دەکرێت  کە ئەمڕۆکە ئامرازی تر هەیە شوێنی کتێب دەگرێتەوە ؟

- نەخێر , کتێب هەرگیز نامرێت , کتێب هەردەم وەکوو خۆشەویسترین شت دەمێنێت,من لەو بڕوایەدام کە جوانترین و باشترین برادەرەو هەتا دوونیا بمێنێت کتێب هەر دەمێنێت. دیارە ئەمڕۆکە ئەنتەرنێت هەیە  خەڵکانێکی زۆر پێیەوە خەریکن  بەڵام من ئێستاش پێنج دەقیقە سەیری ئەنتەرنێتم نەکردووە وە کەیفم هەر بە نووسراوو کتێب دێت , لەوانەیە فۆرم و شێوەی بگۆرێت بەڵام کتێب هەر دەمێنێت . هەرگیز تەسەووری ئەوە ناکەم ڕۆژێك لە ناو شەمەندەفەر یان شەوان  لە سەر یەتاخەکەمدا جگە لە کتێب هەبێت ! !

**پرسیار**: ئێوە چۆن سەیری کێشەی میللەتی کورد دەکەن , چۆن داهاتووی ئەم مەسەلەیە دەبینن؟

- دیارە ئۆتۆنۆمی  شتێکی چاکەو وە بەسوودە,  بەڵام دەبێت ئێوە خۆتان یەکبگرن و بیرتان نەچێت چارەسی سەرەکی لەوە داهەیە کە کورد دەوڵەتی هەبێت,وە بۆ ئەو مەسەلەیەش دەبێت خەباتتان خەباتێکی دیبلۆماسی و فەرهەنگی بێت, دوور لە کووشتن و بڕین و خوێن ڕشتن, تەنها بەو خەباتە ئاشتیخوازەوە دەگەنە مافی خۆتان, وە ئێوە کێشەکەتان کێشەیەکی ڕەوایە.

**پرسیار**: ئەگەر هەر پەیامێکتان هەبێت بۆ نووسەرانی کورد لە کوردستان ؟

- پێشەکی دەمەوێت پێیان بڵێم:  دەبێت زۆر خزمەتی زمانی خۆتان بکەن , ئەو مەسەلەیە گەلێك گرینگە, هەر میللەتێك کاتێك کێشەیەکی هەبێت , دەبێت زیاتر لە میللەت و وولاتانی تر بە زمانەوە خەریك بن, پاشان دەبێت خۆتان هەوڵ بدەن کە بە قەڵەمی خۆتان مێژووی خۆتان بنووسنەوە, ئیتر کاتی ئەوە هاتووە.

**پرسیار**: ئەگەر لە یەکیەتی نووسەرانی کوردەوە داوەتی کوردستان بکرێیت حەزدەکەییت سەفەرێکی کوردستان بکەییت ؟

- بەڵێ بە خۆشحاڵیەوە, بەڵام لە بەر ئەوەی هیچ شارەزای ڕێگاووبانەکانتان نیم و زمانەکانی کوردی و عەرەبی نازانم زۆر پێمخۆش دەبێت ئەگەر ئێوەش لەگەڵم بێنەوە و هاوکاریم بکەن.......

فینلەندە – لاهتی ٣٠-١٢-٢٠٠١

Pirbal@hotmail.com



©Kurdistan Net